حاکم عومەر: ئەم هەڵبژاردنە جیاواز دەبێت لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو



حاکم عومەر، سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند، بە بۆچوونی هەڵبژاردن کۆمیسیۆن سەرجەم ئامادەکارییەکانی کردووە، کاغەزی دەنگدان گەیشتووەتە هەرێم و بەسەر ئۆفیسەکانی هەڵبژاردن دابەشکراوە.

وتیشی: کارتەکانیش بەرژەیەکی زۆر دابەشکراون و ئەوانەش کە تا ئێستا کارتەکانیان وەرنەگرتووەتەوە داوایان لێدەکەین سەردانی بنکەکانی دەنگدان بکەن بۆ وەرگرتنەوەی تا بەشداری هەڵبژاردن بکەن، چونکە بێبە کارتی بایەمتری هیچ کەسێک ناتوانێت دەنگبدات.

ئاوەشی خستەڕوو، ئەم هەڵبژاردنە جیاواز دەبێت لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو، بەجۆرێک هەڵبژاردنی ئەم جارە بەباشترین کوالێتی هەڵبژاردن بەڕێوەدەبەین، هەروەها بێبە کارتی بایەمتری هیچ کەسێک ناتوانێت دەنگبدات و دەرفەت بۆ هیچ لایەنێک نادرێت ساختەکاری بکات.

سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاماژەی بۆکرد، 41 هەزار کارمەندی هەڵبژاردنیان هەیە لەرۆژی دەنگداندا ئەوان بەشداری هەڵبژاردنەکە دەکەن وەک کۆمسیۆن ژمارەیەکیان راهێنانیان پێکراوە و ئەوانی دیکەش بەردەوامن لە راهێنان.

بەیارێ ڕۆژی 20ـی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت، بەگوێرەی ئامارەکانیش دوو ملیۆن و 899 هەزار و 578 کەس مافی دەنگدانیان هەیە لە کەی ئەو ژمارەیەش دوو ملیۆن و 683 هەزار و 618ــیان دەنگدەری گشتی و 215 هەزار و 960ــیان دەنگدەری تایبەتن.